# سلاْو لە لاوانی گۆپتەپە

عەلی مەحمود محەمەد

لە یادمە لە دوای ڕاپەڕین یەکەم بابەتم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ لەسەر کیمییاباران کردنی شارە دیٚی گۆپتەپە بلاْو کردەوە , بۆیە ئەو ڕوداوەشم هەلْبژاردن چونکە لەگەلْ چرکە بە چرکەی ئەنفالی چوارو ڕوداوی گۆپتەپە تا دوا ساتەکانی ژییام , لە ڕۆژەکانی پیٚش کیمییاباران کردنەکەوە تا ئەنفالکردنەکەی . لەو چرکە ساتانەی پیٚشمەرگە بووین لەگەلْ هەر جەمە خۆراکیٚکدا ئەو هەموو بەلیٚنانەی بەو خەلْکەمان دەدا , کە دوای سەرکەوتن پیٚیان دەدەین , تا ئەو ساتانەی لە دوای ڕاپەڕین گۆڕە بە کۆمەلْەکانییانمان دۆزییەوە , هەموو ئەو ورە بەرزی و شەهامەتەی ئەم خەلْکە لە بەرەو ڕوبونەوەی فرۆکەو هیٚرشە بەرینەکان تا چاو تیٚری و دلْ باشییان هەمووی لە یادکرا .

گریٚبەستی نیٚوان پیٚشمەرگەو خەلْکی گۆپتەپە لەگەلْ هەر ژەمە خواردنیٚکدا لەماوەی ئەم 42 سالْەدا بە دەیان هەزار جار دووبارە کرایەوە , بەلاْم دوای سەرکەوتن , ئەوەی لە بیرکرا گۆپتەپەو هەموو گۆپتەپەکان کە بوو , ئەوەی بیری لیٚنەکرایەوە جەماوەر بوو . ئەو خەلْکە هەژارییان ,برسیٚتییان , تۆپ باران و کیمیاوی ئەنفالییان لەگەلْ پیٚشمەرگە بەشکرد , بەلاْم کە هاتە سەر بەرهەم خەرمان بۆ ئەوان و دەسکەنەش نەبوو بۆ جەماوەر , ملیاران دۆلار بۆ بەرپرسان و گۆپتەبەش داواکاری ڕیٚگایەکە لە نیٚوان ئاغجەلەرو گۆپەتەپە نایکەن , کە بەعس سیٚ دەیە لەمەوپیٚش دروستی کرد !!.

لەهەموو یادەکان ڕوداویٚك دووبارە دەبنەوە , ئەویش ئەوەیە , خەلْکەکەی زیرەیان دەچیٚت بە ئاسماناو دەلْیٚن: هیچمان بۆ نەکراوە . لە یادی هەلْەبجە خەلْکی ئەمشارە بۆ ئاوی خواردنەوە زیرەیان دەچیٚت بە ئاسمانا , لە یادی ئەنفالەکان دیوارەکانییان ئاگری لیٚ دەباریٚت , لە یادی قەلاْدزیٚ قوڕاو دەخۆنەوە , لە یادی فەیلییەکان واز لە کوردبوون دەهیٚنن , لە یادی گۆپتەپە , لاوانی بە شەهامەتی گۆپتەپە بە بەلیٚنە درۆکان باوەڕ ناکەن و ناهیٚلْن هیچکە بەرپرسە درۆزنەکان , ئەوانەی لە دزییا ورگییان چەند مەتر لە پیٚشییانەوە ڕیٚ دەکات , لەسەر خویٚنی ئەم خەلْکە ژییانیٚکی پادشاییانە دەژیٚن , فرمیٚسکی تیمساحییان بۆ هەلْڕیٚژن , سالیٚ لە ڕۆژیٚکدا بیٚن شیوەنی درۆو بکەن و بە پەیمانەکانییان لە خشتەیان بەرن ,لەولاوە تەسکییەی نەزار خەزرەجی بکەن کە سەری منالیٚ گۆپتەپە بە پۆستالْ پانە کاتەوە و فایلدارو کۆنە جاشەکان نەك دادگایی بکەن , بەلْکە بیانهیٚننە سەر سفرەی قوربانی و تیٚکۆشانی چواردەیەی هەموو گۆپتەپەکان .

شورەییە ئەو بەرپرسانە هیچکە بچنە یادی کارەساتەکان , نەنگییە حیزبیٚك شیوەن بۆ ئەنفال بکات جاش و فایلدار لە ڕیزەکانیدا بیٚت .

لە کۆتاییدا سەری ڕیٚزو نەوازش بۆ ئەو 4 لاوە دادەنویٚنم کە ناڕازی بوون یادی کارەساتی گۆپتەپە بکریٚتەوە , دەنگم لەگەلْ دەنگییانە و دلْم لە لایانە .